

# له تویژی لاوان
## روانینی دوکتور شه‌ره‌فکه‌ندی

حامد مرادي

"رۆڵەکانی گەلی بەوەفا و خەباتگێڕی کورد! ئێوە هەستی نیشتمان پەروەری و ئەمەگناسی خۆتان سەبارەت بە رێبوارانی رێگای ئازادی و رزگاری زۆر باش سەلماندوە. بەڵام هەست هەرچەند زۆر گرینگەبەتەنیا بەس نیە ,دەبێ هەست شکڵێکی مادی و دەستگر بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی بنوێنێ."

هەروەك چۆن بیۆلۆژیك گرینگی بە پێوەندی ئۆرگانیکی لە نێوان ئەندامانی لەش دەدا و دەخوازێ کە هەرئەندامێك کاری تایبەت راپەڕێنێ و مەحاڵە بەبێ هاریکاری کردنی یەکتری و یان لەبەر چاونەگرتنی ئەوانی دی درێژە بە ئەرکەکانی بدا بەهەمان شێوە سۆسیۆلۆژی فەرمانخوازی کۆمەڵگا لە قەبارەیەکی گەورەتر دا وێنا دەکا کە ئەرك و فەرمانەکان لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکان دا دابەش دەکرێ. کەوابوو بەم پێیە پێوەندی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا پێوەندی‌یەکی ئۆرگانیکی‌یە و بێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی یەکتر مەحاڵە کە هێز یان گرووپێك توانای بەرەو پێش بردنی ئامانج و مێتۆدەکانی هەبێ.بەڵام دەشێ جێگۆڕکێیەك لەنێوان کار و ئەرکی ئەندامان رووبدا و ئەرکی هێز و لایەنێك قورستر بکا. لەهەر کۆمەڵگایەك لاو پێگەو وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیە واتە لاو تەنیا بوونەوەرێك نیە کە خاوەنی وزەیەکی ئێرۆتیکی بێ بۆ تێرکردنی پێداویستیە بیۆلۆژیەکانی بەڵکو بوونەوەرێکە نوێنەرایەتی وزەیەکی رەمزی کەلتووری دەکا بۆ دەسکاری کردنی هاوکێشە واقعیە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان. هەنووکە ئەگەر رۆچینە نێو ئەو وتە مەزنەی شەهید دوکتور سەعیدەوە کە رووی لە لاوانە دەست بە جێ بە دەرەنجامێك دەگەین کە دوکتور سەعید روانینێکی قووڵی بە نیسبەت لاوان و رۆڵی لاوان لە کۆمەڵگا و شۆرش دا هەبووە. لێرەدایە کە دوکتور شەرەفکەندی لاوان ئاگادار دەکاتەوە سەرەرای سەلماندنی رۆڵ و کاریگەریان لە خەبات و تێکۆشان نابێ تەنیا لە چوارچێوەی دروشم و هەست دا بجوڵێنەوە و بە عەقلیەتێکی دواکەوتوانە و لووت بەرزانە بڕواننە دەسکەوت و سەرکەوتنەکانیان بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی زانستیانە و بە مێتۆدێکی عەقلانی بۆ پراکتیزەکردنی هەوڵەکانیان لە کۆمەڵگاکەیاندا تێبکۆشن و بیکەن بە کولتوور و زاتی کۆمەڵگا. بەم دیوەی دیکەدا دوکتور شەرەفکەندی لاوان لەوە ئاگادار دەکاتەوە وەستان و لە جووڵە کەوتن عەقلیەتێکی دواکەوتوو و دۆگم بەرهەڤ دەکا و ئەوەش دەبێتە هۆی بێئیرادە و ترسەنۆکی مرۆڤ لە پرسیار و تێڕامانەکانیان لە دیاردە و کێشەکان.هەربۆیە ئەمە پاڵ بە لاوانەوە دەنێت کە لە چالاکی هزری و جەستەیی دا بەردەوام بن و بۆ وەدیهاتنی خەونەکانیان پەیڕەوی ←

رەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژمارە ٣٢

# له ئامۆژگارییەکانی شەهید دوکتور سەعید



له مەکتەبی پڕاگماتیستەکان بکەن و چیدی خولیای دروشمی قەبە و زەبەلاح نەکەون.

له شوێنێکی دیکەدا دوکتور شەرەفکەندی بەم شێوەیە لەگەڵ لاواندا دەدوێ:

"بالاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کەژیان لە ئەسیری و ژێر دەستیدا وبەسەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەند بێ قەدرو قیمەتە و لەبەرامبەدا هەڵمژینی هەوای پاك وبێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە."

بێگومان ئەگەر وەك پیاوە سیاسی و ئۆپۆرتونیستەکان بە شێوەیەکی رووکەشانە سەیری ئەو وتەیەی دوکتور شەرەفکەندی بکەین جگە لە دروشمێکی جوان و ئاگادار کەرەوە هیچیتری تیا نابینینەوە بەڵام ئەگەر هات و وێرامان لەوبازنە فیکرییەکەی کۆمەڵێك ترادسیۆنی جۆراوجۆر لە پێك هێنانی دا باڵادەستن بێینە دەرەوە و کراوەتر بڕوانینە کێشەکە کۆمەڵێك بیرۆکەی تیایە کە دەتوانرێ لێیان ورد بینەوە و جێگای تێڕامان بن.بێگومان ئەوە راستە کە ئێمەی لاو خاوەن کیانی خۆمان نین و بەردەوام لەژێر هزرە فاشیست و تۆتالیتێرەکاندا دەتلێینەوە بەڵام خۆ ئەمە تەنها نابێتە رێگر و لەمپەر لەبەر دەم ئازادی و رزگاری ئێمەی لاوی کورد بەڵکو جگە لە ترادسیۆنی نامۆ و ناشیرینی بێگانە عەقڵیەتی دۆگم و نەریتخوازی کۆمەڵگاکەشمان گەمارۆی داوین و لەم سەردەمە هەستیارە دا مەترسی گەڕان و پیاسەکردن بەنێو قووڵاییەکانی مێژوو مەترسیدارترە و هەڕەشەمان لێدەکا، کەدەڵێین مێژوو بەو مانایە نیە کە مێژووی چەندینساڵەی خۆمان بهێنینە ژێر پرسیارەوە هەرچەندە کە مێژووەکەشمان بەدوور نیە لە پرسیار و گومان بەڵام هیچ کات رێگا ئازاد نەبووە لەبەردەم هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوە لە لایەنە تاریکەکانی دا بەڵکو زۆرتر رێگا بۆ ئەوە خۆش کراوە کە پیایدا هەڵ بڵێین و بەردەوام شانازی پێوە بکەین.هەربۆیە دوکتور شەرەفکەندی بوێرانە پێمان دەڵێ کەنابێ رێگا بدەین هزر و ئیرادەمان مۆنۆپۆلیزە و دەروەستی هێزێکی داگیرکەر و باڵادەست بێ چونکە وەك ئەفلاتون دەڵێ:بەهۆی مەزلومی ترسەنۆکەکانەوەیە کە خراپەکان حوکم دەکەن.لە کۆتایی دا دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە دوکتور سەعید چەندە مشوری لاوانی خواردوە و لە هەمان کاتیشدا چەندە بڕوای بە پۆتانسیۆل و رۆڵی لاوان لە داڕشتنی عەقڵیەتێکی نوێ و کراوە هەبوە و چۆن داوا لە لاوان دەکا کە بۆ لێك هەڵوەشاندنەوەی عەقڵیەتی سواو و بەستەڵەك هێز وەبەر خۆدەن و شێلگیرانە خەبات بکەن.

با دایکانی کوردستان رۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیان دا بە هەستی گەرمی نیشتمان پەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملو و شەهیدانی رێگای رزگارییان بە گوێ دا بخوێنن.

☆☆☆

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکەیان بن .

☆☆☆

بالاوانی کورد ـ کوڕ و کچ ـ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێر دەستەیی دا و بەسەر شۆری و شەرمەزارییەوە چەندە بێ قەدرو قیمەتە و لە بەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاك و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێن.

☆☆☆

دەبا رۆڵە نەبەزەکانی کوردستان، ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات بەهاتنی خۆیان جوانتر لە پێشو برازێننەوەو بە هەڵگرتنی چەکی شەڕەف و سەربەرزی ، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئیستا بە هێزتر و لەشکان نەهاتوو تر بکەن .

☆☆☆